بەریتانیا

# حةمةنامة (12) ... سلَيمان عةبدولَلآ يونس

ئەو تودوتیژیەی کە دەسەڵات لە ساتێک لە ساتەوەختەکانی مێژوو بەرهەمی هێناوە، هەرگیز بەدەرنەبووە لە کاریگەریە نێگەتیڤەکانی ئەو هاوپەیمانێتە، یان پەیوەندیە نا شەرعی و ژێر بەژێرانەی کە ڕۆشنبیری لەگەڵ دەسەڵاتدا بەدرێژایی مێژوو بەرهەمیان هێناوە، ڕاستە ڕۆشنبیری لەگەڵ دەسەڵاتدا پەیوەندیەک یان هاوپەیمانێتیەکی ئاشکرای وا لەگەڵ دەسەڵاتدا دروست ناکات کە بەئاسانی ڕای گشتی هەستی پێ بکات، چونکە ڕۆشنبیری نە خاوەنی هێزێکی سەربازیە و نەدەشتوانێ چەک و تفاق و کەرەسەی جەنگی بە دەسەڵات ببەخشێ، ئەی کەواتە هاوکاری نێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵات لە سەر چ بنەماو پەیوەندیەکی هاوبەش ڕۆندراوە؟ چۆن دەتوانن لە پێداویستیە گرنگەکانی ئەو هاوپەیمانێتیە بۆ خۆیان تێبگەن؟

هاوپەیمانێتی نێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵات لە ڕێگەی هاودەنگ بوونی دیسکۆڕسی ئەو دوانەیە لەپێناو ڕەوایەتی بەخشین بەو ملهوڕی و زۆرداریەی، یان ئەو چەپاندنەی کە دەسەڵات گەرەکیەتی بەدەستی بهێنێ لە گۆڕەپانەکەدا بەسەر تەواوی ڕکابەر و لەمپەرەکانی بەردەم خواستە بێ شومار و ڕەهاکانی خۆیدا، لەسەر ڕۆشنبیریە کە هەموو تواناکانی دیسکۆڕسی مەعریفیانەی خۆی بخاتە خزمەت مەرامە ناڕەوا و ترسناکە زەوەندەکانی دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی کە میکیاژی دەم و چاوە دزێوەکانی دەسەڵات بکات، بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بەو دەسەڵاتەی ببەخشی و پیرۆزیەتی پایەکانی ڕابگرێ و ملکەچایەتی بۆی بکاتە ئەرکێکی نیشتیمانی یان ئاینی یان چینایەتی، یان بەپێی ئەو شوناسەی کەدەسەڵات خۆی پێ ناساندووە، لەبەرامبەریشدا لەسەر دەسەڵاتە کە هەموو دام و دەزگا زەبەلاحەکانی خۆی، بەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن و توانای بێ شوماری مادیشەوە، بۆ ڕۆشنبیری بخاتە سەرپشت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی چەواشەکارانە وازی بکات، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین جۆرێک لە دابەشکردنی دەسەڵات و دەسکەوت لە نێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵاتدا دێتە کایەوە، بەڵام سەرەنجام هیچ لەو ڕاستیەیە ناگۆڕێت کەهەردووکیان بەرهەمی یەک دیسکۆڕسی چەواشەن و ئەوەی بەرهەمیشی دەهێنن تەنها چەپاندن و چەواشەکاریە، قۆناغەکانی مرۆڤایەتی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دا پڕن لە نمونەی ئەو ڕاستیە تاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بەم ساتە وەختەی ئێستاشیەوە.

دەسەڵات تەنها بریتی نیـیە لەو هێزەی کە لە یەکە کۆمەڵایەتیەکانی وەک خێزان، یان گردبوونەوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیکانی وەکوو حیزب و کۆمەڵ و بزووتنەوە و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکان، یان ئەوانەی بەزەقی لە ئاژانس و دام و دەزگاو دامەزراوەکانی چەشنی دەوڵەت و میری دا دەردەکەون، بەڵکوو لەناو خودی مەعریفەشدا یان هەر جۆرێک لە جۆرەکانی دەقدا، دەسەڵاتێک هەیە و کاریگەریەکانی ئەو دەسەڵاتەش زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت هەستی پێ بکرێت و شوێنەوارەکانیشی بەشیوەی نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ لەسەرمان ڕەنگدانەوەی خۆی جێبهێڵێ، وەک چۆن هەستی چینایەتی یان نەتەوایەتی یان ڕەگەزی یان ئاینی، دەتوانێت لایەنگری کەسەکان یان ڕیز بەندیان دیاری بکات، چونکە کرێکارێک ئەگەر هەستی چینایەتی خۆی لەڕیزی کرێکارانی ئەژمار نەکات، یان ئەگەر بۆنموونە کوردێت هیچ سۆزێکی بۆ کورد بوونی خۆی نەبێ یان ژنێک پیاوانە بیر بکاتەوە، ئەمە ناتوانێت هیچ لەو واقیعەی خۆیان بگۆڕێت کەتیایدان، هەر بەو لێکدانەوەیەش دەکرێت ڕۆشنبیری لە پەیامەکەی خۆی لابدات و

ڕۆشنبیریش لەڕکابەری سەرسەختی دەسەڵاتەوە بکاتە یەک لە ملکەچەکانی دەسەڵات یان بەکردار بیکاتە بەشێک لە خودی ئەو دەسەڵاتە.

لێرەوە ئەگەر سەیری بەرهەمە ڕەخنەیەکانی کاک حەمە سەعید حەسەن بکەین، ئەو ڕاستیە بەئاسانی هەست پێ دەکەین، کە ئەوەی کاکە حەمە پێی دەنوسێ یان پێی دەئاخڤێ، بەقەد ئەوەندەی وەکوو دەسەڵات یان لەسەنگەری خودی دەسەڵاتەوە، یان ئەوەندەی بە دیسکۆرسی دەسەڵاتەوە خۆی نمایش دەکات هەرگیز ناتوانێت وەکوو پەیامێکی مەعریفی باڵا دەست خۆیمان پێ بناسێنێ، ئەم ڕاستیە بەڕادەیەکە کە بۆ کاکە حەمە ئەستەمە خۆی لێ لابدات و لەکاریگەریە نێگەتیڤەکانی ئەو ڕاستیە تاڵە قوتار ببێ، ئەمە تەنها لەوەدا بەرجەستە نابێت کە کاکە حەمە لەسەنگەری بەشێک لە دەسەڵاتی دوولەتکراوی کوردستانەوە پەلاماری بەشەکەی دیکە دەدات بەڵکوو لەوەشدا بەرجەستە دەبێت کە لە خودی هەمان سەنگەرەوە پەلاماری هەمان سەنگەر دەدات یان ڕوونتر بڵێم و بەمانا فەلسەفیەکەی لەقەڵای پیرۆزی باوکەوە تیر لە کوڕەکانی ئەو باوکە دەدات، لێرەدا ناخوازم هیچ نمونەیەک لەو واقیعە وەربگرم کە کاک حەمە سەعید حەسەن بەرهەمی هێناوە، بەڵام خوێنەری بەڕێز دەتوانی ئەم ڕاستیانە بەئاسانی بدۆزێتەوە لە بەرهەمە شیعری و ساتیر و ڕەخنەیەکانی دا.

slemanyunes@yahoo.co.uk